

# Aggression and War توند و تیژی لە سێبەری شەڕدا

## پێناسەی توند و تیژی

**<u>توندوتیژی Aggression</u>** ڕەفتارێکی نێونەتەوەییە، بۆ مەبەستی بریندارکردنی کەسێکی تر بەکار دەهێنرێت. توندوتیژی ڕەنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بێت یان نا.(Social Psykology) ⁕

**شەڕ** دۆزەخێکە هەمووان دەسوتێنیت و بەزەیی بە هیچ شتێکدا نایەتەوە، شەڕ گەورەترین و ترسناکترین ماڵ وێرانی و کارەسات لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێت. قۆناغی دوای شەڕ، دوای بێدەنگی بەرەکانی شەڕ، ئاسەوارەکانی لە بوارگەلە جیا جیاکانی ژیاندا، کۆمەڵگە و ژینگە، بە دژوارترین کات دەژمێردرێت. شەڕەی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕی ئێران-عێراق و هەزارەها جەنگی تر تاڵترین و ئاڵۆزترین کێشەی بۆ ئەو کۆمەڵگانە دروست کردووە. بەپێی ( Arche&Cartn) کە نەتەوەیەک دەکەوێتە شەڕ، وەکو فلیمێکی پڕکارەسات و چەرمەسەری، نەهامەتی تووشی ئەو نەتەوەیە دەبێت.

ڕەفتارە ترسناکەکانی دوای شەڕ

- بەرزبوونەوەی پلەی تاوان لە ناو کۆمەڵگەدا، لە کوشتن، دزی و گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی بێبڕوایی..هتد
- لە هەمووی ناخۆشتر، چڕبوونەوەی ڕەفتاری دوژمنکارانە، لە لای تاکەکەس و بەرینەی کۆمەڵگە.
- شەڕ ڕەفتاری دوژمنکارانە وەکو دیاردەیەکی ڕۆژانە پەسەند دەکات.
- شەڕ، گیانی هاوکاری و بەزەیی لە نێو تاکە کەسەکان و کۆمەلگە دەپسێنێت.
- لە دوای شەڕ، لاساییکردنەوەی ڕەفتاری دوژمناکارانە دەبێتە دیاردەێکی بەرجەستەی ڕۆژانە.
- ڕەفتاری دوژمناکارانە دەبێتە سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەلگە.

که واته **شەڕ یەکەم سەرچاوەی ڕفتاری توندوتیژییە، سەرچاوەی گەندەڵی و لاوازی دەزگا زیندوەکانی نەتەوە و وولاتە.** شەڕ بڕبڕەی پشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە نێوان تاکەکەسەکان و لە ناو کۆمەڵگەدا دەشکێنێت و پێوەری ڕەفتاری دوژمنکارانە دەکاتە بەرگی زۆربەی دەسەڵاتداران.

لێرەوە، دەتوانین بڵێن کە توونڊ و تیژی و گەندەڵی، لە منداڵدانی شەڕەو پەیدادەبن و دوو ڕوی دراوێکن. ئەم دوو نەخۆشیەش پێویستان بە کۆششێکی زۆر هەیە تاکو لە ناو کۆمەڵگەدا بنبڕبکرێن.
سیگمۆن فرۆید کە دانایەکی جوی ئەڵمانییە، پێی وایە، پەساندنی قین و ناخۆشی، لە ناو دەرونی تاکەکەسدا، ئەنجامی نەگەتیڤی لێدەردەچیت، ئەگەر ئەو مرۆڤە هەوڵ نەدات باری دەرونی خۆی سووک بکات.

**<u>شێوازگەلی ئاسانکردنی باری دەرونی</u>**

- بەپێی توماس جافرسۆن، دەربڕینی ئەو خەم و قینە، بە شێوەی قسەکردن، ڕێگەیەکە بۆ ئاسایی کردنەوەی باری دەرونی.
- لە ڕێگەی هەناسەدانی قوڵەوە.
- یاری کردن یان وەرزش کردن و گوێگرتن لە مۆسیقا.

## ڕۆڵی کولتور و کۆمه‌ڵگه له شێوازی ڕه‌فتارکردنی مرۆڤدا

- **کولتور Culture**

بۆ ئه‌وه‌ی له نیزیکه‌وه ئاگاداری سه‌رچاوه‌ی ڕه‌فتاره‌کانی مرۆڤ بین و ئاشنایان بین، پێویسته بزانیین ده‌سه‌لات وکاریگه‌ری کولتور له سه‌ر تاکه‌که‌س و گروپه‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه چییه.
مه‌به‌ست له کولتور، پێوه‌ره کۆمه‌لایه‌تییه‌کان، داب و نه‌ریت و هه‌موو تایبه‌تمه‌ندێک که گروپێک یان کۆمه‌لگه‌یه‌ک له خۆی گرتووه و نه‌وه‌کانی دواڕۆژی خوی له سه‌ر فێرده‌کات.
نۆرم له کولتورێکه‌وه بۆ یه‌کێکی دی جیاوازیان هه‌یه، له ناو هه‌مان کلتوریشدا جیاوازی هه‌یه له جۆری دیدگه‌کاندا، سه‌ره ڕای بوونی کاریگه‌ری فاکته‌ری ده‌ره‌کی، له سه‌ر ئاکار و دروستکردنی پێوه‌ری نوێ له‌سه‌ر تاکه‌که‌سه‌کان و گروپ و کۆمه‌لگه‌کان.

**نۆرم- پێوه‌ر- Norm** له کولتوردا ئه‌و یاسا و نه‌ریته ئه‌گرێته‌وه، که له‌لایه‌ن کۆمه‌ڵگه‌وه بۆ تاکه‌که‌سه‌کان دانراوه، که تاکه‌که‌س بۆی هه‌یه چی بکات و چی نه‌کات، واته چۆنه ڕه‌فتار بنوێنیت. نۆرمه‌کان ئامیری کۆمه‌ڵگه‌ن بۆ زیندو ڕاگرتن و به‌رده‌وامی ژیانی تاکه‌که‌سه‌کان. کۆمه‌لگه له ڕیگه‌ی نۆرمه‌کانه‌وه، بالاده‌سته به سه‌رتاکه‌که‌سه‌کاندا.

### نۆرم-پێوه‌ر- Norm له کۆمه‌ڵگه‌ی کۆگه‌لی و تاکه‌که‌سه‌دا

تاکه‌که‌سه‌کان له کۆمه‌ڵگه‌کانی ڕۆژئاوا و باکووری ئه‌مریکادا، بایه‌خی ته‌واو به سه‌ربه‌خۆیی تاکه‌که‌س ده‌ده‌ن و له منداڵییه‌وه مرۆڤی بۆ ئاماده ده‌که‌ن. ئازادی تاکه‌که‌س گرنگی پێ ئه‌درێت و هانده‌درێت. بوونی تاکه‌که‌س ته‌واو و به‌رجه‌سته و دیاره. ئه‌گه‌ر بڕوانینه کۆمه‌ڵگه کۆگه‌لییه‌کان وه‌کو کۆمه‌ڵگه‌کانی ئاسیا و ئه‌فریقا و ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاست، وێنه‌که به شێوازێکی تره. که‌سایه‌تی تاکه‌که‌س له کۆگه‌لی کۆمه‌ڵدا تواوه‌ته‌وه و خودی وه‌کو مرۆڤێکی سه‌ربه‌خۆ له لایه‌ن کۆمه‌ڵگه‌وه لێسه‌نراوه. داب و نه‌ریته‌کان و پێوه‌ره‌کان گه‌وره‌ره‌ترین ده‌سه‌لاتیان به سه‌ر ژیانی تاکه‌که‌سدا هه‌یه.
ئه‌م جۆره جیاوازییه له نێوان ئه‌م دوو کۆمه‌ڵگانه، گه‌وره‌ترین کێشه‌ی له نێوان ئه‌و په‌نابه‌رانه‌ی که خه‌ڵکی ئاسیا و ڕۆژهه‌لاتن، ناوه‌ته‌وه. کێشه‌ی له یه‌کدانی ئه‌م دووجۆره کولتوره زه‌ق و دیاره. کوشتنی کچان له سه‌ر مه‌سه‌له‌ی شه‌رف و ناموس، یه‌کێکه له ئه‌نجامی نه‌گونجاندنی پێوه‌ره‌کانی ئه‌م دوو کۆمه‌ڵگه‌یه.

### شه‌ڕ و پێوه‌ره کۆمه‌لایه‌تییه‌کان

ئه‌گه‌ر شه‌ڕ کاریگه‌ری نه‌گه‌تیڤی خۆی له‌سه‌ر هه‌موو به‌شه‌کانی ژیان به‌جێبهێڵێت، که‌واته، ڕه‌فتاری مرۆڤیش ده‌گۆڕیت و **ئاکامێکی نه‌گه‌تیڤ** ده‌کاته سه‌ر پێوه‌ره کۆمه‌لایه‌تییه‌کان. بۆ نموونه جێ پاشماوه‌ی شه‌ڕی ڕزگاری نه‌ته‌وه‌ی کوردمان به‌رامبه‌ر داگیرکه‌ران. قووڵترین ئاسه‌واری ده‌رونی له سه‌رکۆمه‌ڵگه‌ی کوردی به گشتی و تاکه‌که‌سه‌کان به تایبه‌تی له دوا که‌وتووه‌ته‌وه و هه‌موو به‌شه‌کانی کۆمه‌لگه پێوه‌ی ده‌ناڵێنیت.. شه‌ڕ به‌لانس و هاوکێشه‌ی پێوه‌ری مرۆڤانه‌ی به‌لای ڕه‌فتاری توندڕه‌ویی و جه‌نگخوازی کردووه به به‌رکۆمه‌ڵگه‌ی کوردی. مرۆڤی کورد به‌گشتی به‌کارهێنانی ڕه‌فتاری توندوتیژی، له ناو خێزاند یان له کێشه کۆمه‌لایه‌تییه‌کاندا به‌کورترین چاره‌سه‌ر ده‌زانێت.

### چاره‌سه‌رکردن

که‌واته گۆڕینی پێوه‌رەکۆمه‌لایه‌تییه‌کان و ئاست و بۆچونی تاکاکه‌سه‌کان و دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌ی نوێ، کلیلی گۆڕانی کۆمه‌ڵگه‌ی پێیه. ئه‌مه ئه‌رکی ده‌زگا مرۆیی و خاوه‌ن ده‌سه‌لاتی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردییه، بۆ کۆتایی پێهێنانی ئازاره‌کان و دروستکردنی که‌سایه‌تی نوێ و ساغ. لێ کۆمه‌لگه‌ی مۆێرن، ده‌بیت له ژێرخانه‌وه کاری بۆ بکرێت، واته سیسته‌مه‌ی ئابوری و په‌روه‌رده و فێرکردنی شارستانیانه ده‌بێ کۆڵه‌که‌و ستونی به‌هێزی ئه‌و کۆمه‌ڵگه‌یه بیت، که ئێمه هه‌موو خه‌وی پێوه ده‌بینین.

گوێگرتن بۆ داخوازییه‌کانی جه‌ماوه‌ر و پڕکردنه‌وه‌ی، ئه‌گه‌ر کاتیش بیت، پێداویستییه‌ هه‌نووکی و داهاتووه‌کان. بوارێک ده‌دات به‌ تاکه‌که‌سی کورد و کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی هۆشی بێته‌وه‌ سه‌رخۆیی و ڕه‌فتاری شه‌ڕ و دوژمنکارانه‌ بخاته‌ ئه‌ولاوه‌. که‌مکردنه‌وه‌ گه‌نده‌ڵی و دۆزینه‌وه‌ میتودی نوێ له‌ ده‌زگا جیاوازه‌کاندا، دامه‌زراندنی فراکسیون و کۆمیته‌ی چاوه‌دێری کاره‌کان، پرۆسه‌ی به‌ شارستانی بوونی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی پێش ده‌خات.

## زه‌نگی ترسناکی تیرۆر و گه‌نده‌ڵی

زه‌نگی تیرۆر، ده‌گاته‌ هه‌موو شوێنێک، و گه‌وره‌و بچوک ده‌ترسێنیت، چونکه‌ ناوه‌ڕۆکی تیرۆر به‌زه‌یی به‌هیچدا نایێته‌و. ئه‌گه‌ر شه‌ڕ یه‌کێکه‌ له‌ سه‌رچاوه‌کانی تیرۆر، بێئومێدی، هه‌ژاری، گه‌نده‌ڵی و نه‌خۆشییه‌کانی خه‌مۆکی له‌ کۆمه‌ڵگه‌دا ده‌چێنیت.. که‌واته‌ ئێمه‌ ده‌زانین چاره‌سه‌ره‌کان چیین، چونکه‌ فاکته‌ره‌کان و هۆکاره‌کانمان له‌ به‌رده‌ستدایه‌. **واته‌:** -

- بنبڕکردنی هه‌ژاری
- سارێژکردنی برینه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌
- بنبڕکردنی گه‌نده‌ڵی له‌ دامودەزگاکانی میریدا
- به‌رزکردنی ڕاده‌ی هوشیاری کۆمه‌ڵگه‌ له‌ ڕێگه‌ی میدیا و گۆڕینی سیسته‌می په‌روه‌رده‌ و فێرکردنه‌وه‌
- گرتنه‌به‌ری ڕێگه‌ی دیالۆگ بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کان
- دژیوکردنی ڕه‌فتاری توند و تیژی و شه‌ڕ له‌ ژیانی ڕۆژانه‌دا

## پوخته‌ و گه‌ڵاڵه‌

**شه‌ڕ یه‌کێکه‌ له‌ و سه‌رچاوانه‌ی که‌ ژیانی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی تاڵکردووه‌، شه‌ڕ دوای خۆی گه‌نده‌ڵی و کێشه‌ی هه‌نووکه‌یی و دیرۆکی ناوه‌ته‌وه‌. شه‌ڕ سنووری پیرۆزی تاکه‌که‌سه‌کان و کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی، بیروایی و ئازادی، داب و نه‌ریتی شێواندوه‌.**
**له‌ هه‌مووی تاڵتر، گیانی گه‌نده‌ڵی به‌هێزکردووه‌، که‌ گه‌وره‌ترین ڕێبه‌سته‌ له‌ به‌رده‌م پرۆسه‌ی پێشکه‌وتندا، که‌ زۆرجار له‌ گه‌ڵ تیرۆردا دوو ڕوی دروایێکن، که‌ زۆر جار تیرۆرسته‌کان له‌ ڕیگه‌ی گه‌نده‌ڵییه‌وه‌، به‌ ئاسانی خۆیان ده‌خزێننه‌ ناو ده‌زگای ئاسایش و دامه‌زراوه‌ میری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه‌وه‌ و کاری تیررۆرستی خۆیان ئه‌نجام بده‌ن.**

**که‌واته‌ پرۆسه‌ی بنبڕکردنی گه‌نده‌ڵی، زۆر له‌کاره‌کان ئاسان ده‌کات، له‌وانه‌ له‌ گۆڕنانی تیرۆر و نه‌هێشتنی ڕه‌فتاری توند و تیژی و هه‌ڵس و که‌وتی شارستانیانه‌ ده‌کاته‌ به‌رگی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی .**

Social Psykology

<u>تێبینی</u>
سه‌رچاوه‌ی ئه‌م باسه‌ له‌ په‌رتوکی کۆلێژی ده‌رووناسی کۆمه‌لایه‌تی Social Psychology وه‌رگیراوه‌، چاپی 14 ئینگلیزی له‌ نووسینی Arnoson, Wilson & Akert لاپه‌ڕه‌کانی 389 تاکو 426